خەزەڵی: پرۆسەی دیموکراسی گرنگترین دەستکەوتە لە دوای ساڵی 2003ەوە

قەیس خەزەڵی ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق ڕەژی هەینی دووپاتی کردەوە کە پرۆسەی دیموکراسی گرنگترین دەستکەوتە لەدوای ساڵی 2003ەوە.

خەزەڵی لە وتارەکدا کە لە میانی دەستپێکردنی کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی لیستی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی سادیقون لە بەغدا پێشکێشی کرد و ئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند، "دەنگی میانەوی و لەبوردەیی سەرکەوتنی بەسەر قیژەی توندڕەوی و کۆنەپەرستیدا بەدەستهێناوە". ئاماژەی بەوەشکرد، ئێستا هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچین بەرەو گەیشتن بە ئایندەیەک کە شایەنی هەموو عەراقییەکان بێت.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بە گەلەکەمان، ئەمە ژیانی بەنرخی گەنجانمان کرد قوربانی، هەمووی بە ئەوەی عەراق بەهێز و یەکگرتوو و سەروەری و سەربەرزی بمێنێتەوە. ڕوونیشی کردەوە کە "نابێت ئەو قوربانیانە بەفیڕۆ بدەین و بیانپارێزین". ڕوونیشیکردەوە کە "پرۆسەی دیموکراسی گرنگترین دەستکەوتە لە دوای ساڵی 2003"، ئاماژەی بەوەشکرد "پاراستنی دەوڵەتی عەراق و پرۆسەی سیاسی ئێستا بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەهێنرێت".

جەختیشی لەوە کردەوە کە "هەڵبژاردن بە واتای حکومەتێکی تەواو بەهێز دێت کە توانای گەیاندنی شتێک

بە گەلەکی هەبەت"، ئاماژەی بەوەشکرد "وەتەکەمان شایەنی بەشداریکردنمانە لە هەڵبژاردنەکانیدا".

خەزعەلی جەختی لەوە کردەوە کە عەراقەکەمان شایەنی بەشداریی ئەمەیە لە بنیاتنانیدا، ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو قوربانیانەی کە داومانن پەیوستی بە بەشداریکردنمان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا".